نووسینی د . زاهیر سوران
11 ی ئەیلولی 2004 .

# سۆی ڤایرۆسی ECHO

سـۆی ئـەم جـۆرە ڤایرۆسـە زۆر جیـاوازترە لەبەرئـەوەی کۆئەنـدامی هەناسـە و پـەردەی مێـشك شـەپلەداری وتالێهـاتن دەگرێتەوە ، ناسراوترین سۆ بریتییە لە سۆی جۆری 31 ی ڤایرۆسەکە.

## هۆزانی

ئەمیش جۆرێکە لە ئینترۆڤایرۆس ، لە خێزانی پێکۆرنەڤیردایە و 34جۆری سیرەمی هەیە(1-9) ,(11-27) و(29-34) نزیکەی 24-30 نانۆمیترە و ئەسیدی RNA یان تێدایە .

## پەتازانی

سۆکە لەجیهاندا بلاوە ، بە تایبەتی ناوچەکانی هێلی ئیستیوادا هەموو وەرزەکان هەن ، جۆرە سیرەمیەکانی ڤایرۆسـەکە زێدەترە لە منداڵدا دەبینرێن و وەك لە گەورەدا ، هەروەها ڤایرۆسەکە لە ڕیخۆڵەدا جودا دەکرێتەوە .

## ڕێگاکانی گواستنەوە

- پەیوەندی ڕاستەوخۆ ( پیسایی ، دەم ) هۆی سەرەکی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە یە
- ڕێگای گواستنەوەی هەوایی واتە ڕێگای هەناسەدان ( پرژەی کۆکەو پژمین ) یان شلەی ناو لووت و گەروو .

درمی نەخۆشییەکە لە نێو قەڵەباڵغیدا زۆر بەرزە بە تایبەتی لە کاتی بەکارهێنانی گۆمی ملە کردندا .

## نیشانەکانی

بەپێیی جۆری سیرەمی ڤایرۆسەکە و نیشانەکانی سۆکە

1- دەردەتا بەهۆی جۆری ( 7 ، 9 و 20) ە وە دەبێت ،نەخۆش تای لێدێت گەرووی و ماسولکەکانی لەش ژان دەکەن .
2- دەردەتـای دی بە ئێکسانتێمەوە، بەهۆی جۆری( 4، 6 ، 9 ، 16 ، 18 و 52 ) ە وە دەردەکـەوێت بـەلام جـۆری 9 یـان لـە هەموویان بلاوترە .
3- گیروگرفتی بۆریەکانی سەرەوەی هەناسە ،جۆری ( 8 ، 11 ، 18 ، 19 و20 ) دەبنە هۆی سۆکە
4- جۆرەکانی 2, 4 ، 6 ، 9 دەبنە هۆی پەردەسۆی کوتوپڕی مێشك .
5- دەمارەسۆ ، دەبێتە هۆی سۆی هەمیشەیی کۆئەندامی دەمار .
6- نەخۆشی سکچون ،جۆری 11 ، 14 ، 18 ، 19 ، 20 دەبنە هۆی سکچون لە باخچەی منداڵاندا .

## بە پێیی تەمەنیش جۆرەکانی ئەمانەن :

* زۆر جاران لە منداڵانی تازە لەدایك بوودادەبێتە هۆی مردن .
* منداڵی ساوا ،لە هەموو جۆرەکان توند ترو ئالۆز ترە .
* گەورە ، نەخۆشییە تادارەکان دەگرێتەوە وەك (سورکەو مێشکە پەردەسۆ ) وایە .
* ژنی سکپڕ ، گەر ئاو لەمە تووشی ڤایرۆسەکە ببێت ئەوا نەخۆشییەکە زۆر سەخت دەبێت .

## دەستنیشانکردن

دەتوانین وەك نەخۆشییەکی سۆیی بیقەبلێنین وەلی تەنیا لـە تاقیگای ڤایرۆسیدا دەتوانین جـۆری سیرەمی ڤایرۆسـەکە لـە شلەی گەروو ، پیسایی ، چڵمی ناو لووتدا دژەتەنی تایبەتی ڤایرۆسەکە دەستنیشان دەکرێت .

## چارەسەرکردن

جۆری سیرەمی یەکەم ودووەم بێچارەیە وەلی پێویستە نیشانەکانی سۆکە بە دەرمانی ئاسایی دابمرکێنرێتەوە.

## سەرچاوەکان

1- د. زاهیر سوران . نەخۆشییە درمەکان ، بەشی حەوتەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی- کوردستان ، 2004 .

References
1.Annuziato D. Koplik spots & Echovirus .(letter) .NY State . Jmed .1987 :87:667 .
2.Martin GH.Voiculescu Infectious Diseases vol 2 Medical Edition:1991:71:308-28
3.Berry PJ & Nagington J Fatal infection with Echovirus 11 Arch Dis Chil 1982:57:22 .
4. Halfon N &spector SA Finl Echovirus type 11 infection . Am J Dis . 1981 :57 :22